سەرۆك وەزیران: عێراق بەرەو گەشەپەدانی گەورە و پێژەی ستراتیژی و هاوبەشی ئابووری بەرهەمدار هەنگاودەنێت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تەئکیدیکردەوە: کە عێراق بەرەو گەشەپەدانی گەورە و پێژەی ستراتیژی و هاوبەشی ئابووریی بەرهەمدار هەنگاو دەنێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە، پەشوازیکرد لە شاندەکی ئومەنا و پارێزگاری پایتەختە عەرەبییەکان بە سەرکایەتی ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی شارە عەرەبییەکان عەبدولڕەحمان هیشام عسفور، و لە سەرەتای دیدارەکەدا سودانی بەخێرهاتنی میوانە عەرەبەکان و کەبوونەوەکەیانی کرد، کە دوای دابڕانی زیاتر لە سێ دەیە لە بەغدا بەڕێوەچوو، هەروەك جێختی لە ئامادەیی هەمیشەیی بەغدا و توانای میوانداریکردنی سەرجەم میوانەکانی کردەوە، جا ئەگەر برای عەرەب بن یان دەست.

بەپێی بەیاننامەکە، سەرۆك وەزیران تەئکیدیکردەوە: کە عێراق بەرەو گەشەپەدانی گەورە و پێژەی ستراتیژی و هاوبەشی ئابووری بەرهەمدار هەنگاو دەنێت، و وتیشی: حکومەتی عێراق باشترکردنی هەمەلایەنەی بەغدا و باقی شارەکانی عێراق لە ئەولەویەتی کارەکانیدایە، هەروەها کراوە بێت بە ئەزموونی سەرکەوتووی برا و دەستکانی لە ڕووی پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا و ڕێگا پێشکەوتووەکان لە پەرەپەدانی شار و هەموو کەرتەکانی خزمەتگوزاری.

سودانی راشیگەیاند: لە کاتێکدا ئەم بەدوای باشترین ڕێگاکاندا دەگەڕێین بە گەشەپێدان و پێشخستنی شارەکانمان، غەزە لەبەردەممان وەستاوە بەهۆی وێرانکاری سیستماتیکی و نەبوونی ئامرازە بنەڕەتییەکانی بژێوی ژیان بەهۆی ئەو دوژمنکاری و تاوانە نامرۆڤانەیەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی داگیرکەرەوە دژی گەلی فەلەستین ئەنجام دراوە، هەروەها پشتیوانی خێی بە دامەزراندنی سندوقی پشتیوانی و بنیاتنانەوەی کەرتی غەزە دووپاتکردەوە دوای ڕاگرتنی هەڕشەکان، دەستپێشخەرییەك کە عێراق لە میانەی لوتکەی ئاشتی قاهیرە کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو بەڕێوەچوو، پێشوازییەکی زۆری لێکرا.